توندڕەوی

ئیرهاب

گۆڕینی جیهان

فاضل قەرەداغی

١٤٢١ - كۆچی ٢٠٠٠ زاینی

بسم الله الرحمن الرحيم

ئەم بابەتە بە دوو بەش لە گۆڤاری (رابوون)دا بڵاوبۆتەوە:
١-ژمارە(٣) ، موحەڕڕەم/صەفەر١٤٢١، ئایار/حوزەیران ٢٠٠٠
٢-ژمارە (٤) ، رەبیعی یەکەم/ رەبیعی دووەم ١٤٢١، تەمموز/ئاب ٢٠٠٠

توندڕەوی.. ئیرهاب.. گۆڕینی جیهان

فاضل قەرەداغی

١٤٢١ک-٢٠٠٠ز

بەشی یەکەم

با هەنگاوی هەڵە نەنێین

راستی سوودی بۆ هەموو مرۆڤێك هەیە. خۆگێل کردنیش لەراستی هەڵەیەکی گەورەیە. ئێمەی ئیسلامی زیان بەخۆمان دەگەیەنین ئەگەر نکوڵی لەهەبوونی توندڕەو لەناو ریزەکانماندا بکەین. عەلمانییەکانیش زەرەر دەکەن کاتێك تۆمەتی ئیرهاب وتوندڕەوی لەخۆیان دووردەخەنەوە و ئاراستەی ئیسلامییەکانی دەکەن.

عەلمانییەکان دەبێت بەلای کەمەوە بنەمای (دوژمنی خۆت بناسە) بخەنە کار وئیسلامییەکان بناسن. دووبارەکردنەوەی تۆمەتی توندڕەوی وئیرهاب چەواشەتریان دەکات وناهێڵێت بابەتییانە ئیسلامییەکان بناسن.

خۆخەڵەتاندن هەنگاوی یەکەمی هەڵەیە. باسکردنی توندڕەوی وئیرهاب پەیوەندیی بەلێکۆڵینەوەی زانستییەوە نەماوەو چۆتەخانەی زانستی پروپاگندە.

تێگەیشتنی هەڵە مامەڵەی هەڵەی بەدواوەیە" لەمەشەوە هەڵوێستی جۆراو جۆرمان هەیە:

١- ئیسلامی هەن دیفاع لەهەموو دیاردەی ((توندڕەوی)) دەکەن.

٢- عەلمانیی زۆر هەن مەبەستیان تەنها تەشهیرکردنە بەئیسلامییەکان.

٣- ئیسلامی هەن بۆ دوورخستنی تۆمەتی توندڕەوی لەخۆیان تەنازولی زۆر دەکەن.

٤- عەلمانیش هەن خاوەن ئینسافن بەڵام بزانن یان نەزانن ئیسلام ملکەچی مەفهوومەکانی خۆیان دەکەن.

لەنێوان ئەم هەڵوێستانەش هەڵوێستی جۆراو جۆر هەن... هەڵوێستی دروستیش تاك وتەرا دەبینرێت.

توندڕەوی لای موسڵمانان

بالێرەوە دەست پێبکەین.ئایا ئیسلام فەرمانی بەتوندڕەوی وئیرهاب داوە؟ئایا فەرمانی پێ نەداون بەڵام رێگەیان بۆخۆش دەکات؟ئارێگەیان لێ دەگرێت؟ئوممەتی ئیسلام ئوممەتێکی (ناوەڕاستە).﴿وكذلك جعلناكم امة وسطاً﴾ئیعتدال ومیانڕەوی تایبەتییەکی ئیسلامە. رۆچوون رەوا نییە: هلك المتنطعون. پێغەمبەر (ﷺ) سێ جار ئەمە دووبارە دەکاتەوە: رۆچووەکان تیاچوون [١].

بەڵام ئیسلام هەروا واقع بینە: پێویستە بەرزە: پێویستە ئەو هێزە لە پێناوی هەقدا بەکاربێت: کوشتنی ئافرەت، منداڵ، پەککەوتە قەدەغەیە. هێز لەپێناوی پەیامەکەیە، پەیامەکەش بۆ دادپەروەرییە.

زووتر کۆمەڵە جۆراو جۆرەکانی خەوارج هەبوون. توندڕەویی ئەوان گەیشتبووە رادەی رشتنی خوێنی حەرام. بەڵام کەس ئەمان بەنوێنەری راستەقینەی موسڵمانان نازانێت. (اهل السنه والجماعه) ئەوان بەلادەر دەزانن.

خەوارج صەحابییان لەناودا نەبوو. تەنها قورئانیان لەبەردەمدا بوو. لەئیسلامدا قورئان سەرچاوەی یەکەمە بەڵام مرۆڤی موسڵمان بەپاڵ قورئان پێویستی بەسوننەتە. سوننەتیش لای صەحابیەکاندا هەبوو و خەوارج لێی بەش بوون. تەنها یەك رووداو دەهێنینەوە وەك نموونە: (یزید الفقیر) دەڵێت خۆم وکۆمەڵێك کەس نیازمان بوو بانگەواز بۆ مەسەلەیەکی خەوارج بکەین (ئەویش ئەو کەسەی دەچێتە دۆزەخ ئیتر قەت نایەتە دەرەوە لێی). بەر لەوەش چووین بۆ حەج کردن ولەوێدا هاوڕێیەکی پێغەمبەرمان بینی فەرموودەیەکی دەگێڕایەوە کەپێچەوانەی بۆچوونەکەمان بوو. وتم بۆچی درۆ بەدەم پێغەمبەرەوە دەکەیت، صەحابییەکەش (کەجابر کوڕی عەبدوڵڵا بوو) وتی: قورئانت خوێندووە؟ وتم بەڵێ، وتی: ئەم ئایەتەت خوێندووە (عسى ان يبعثك ربك مقاما محمودا)؟ وتم: بەڵێ، (جابر)یش لەراڤەی ئەو ئایەتەدا باسی ئەو فەرموودەیەی کرد کەکەسانێك لەدۆزەخ دەهێنرێنە دەرەوە... (یەزید) دەڵێت ئێمەش گەڕاینەوە وتەنها یەك کەسمان لەسەر باوەڕی خۆی سوور بوو [٢].

بەم شێوەیە ئەو کۆمەڵە قورئانیان خوێندبووەوە بەڵام نەیاندەزانی ئەو (مقام محمود)ە چییە. پێغەمبەریش (ﷺ) ئەمەی روون کردبووەوە. پاش ئەو سەردەمە سوننەت بەوڵاتاندا بڵاوبووەوە و زۆر لەهەڵوێستە هەڵەکان گۆڕان. بەڵام تێگەشتنی هەڵە هەر مابوو.

تێگەیشتنی هەڵە لەلایەك وزوڵمی دەوڵەتی ئەمەوی لەلایەكی تر خەوارجی رووەو توندڕەوی برد. بەڵام تێگەیشتنی هەڵە هەروەها شلڕەویشی بەرهەم هێنا.

خەڵكیش تەنها رووی توندوتیژی دەبینن ئەگینا شلڕەویش توندڕەوییە بەواتای وشە عەرەبییەكە (تطرف). هەردوو هەڵەكەش" توندڕەوی وشلڕەوی ئەنجامی لادانن لە (سكە)ی راستەهێڵەكە :(قورئان و سوننەت). ئارەزووش هۆی یەكەمی ئەو لادانەیە.

لەگەڵ هەموو ئەو توندڕەوی و خوێنرشتنەی خەوارج بەرپایان كردبوو هێشتا كارەكانیان لە چاو توندڕەویی غەیری موسڵمانان كەمە، تەنانەت خەوارج بەلادانەكەی خۆشیانەوە درۆیان نەدەكرد، شیخی ئیسلام ئیبنو تەیمییە دەڵێت: خەوارج راستگۆترین كۆمەڵن لەو كۆمەڵانەی شوێنی ئارەزوو كەوتوون.

هەرچەندیشە توندڕەوی لە ناو ریزی موسڵماناندا هەیە بەڵام ئیسلام ژمارەیەك بەهای بەرزی لەناو دڵاندا چاندووە كە لەو توندڕەوییە كەم بكاتەوە ئەویش ئەگەر لەگەڵ توندڕەویی غەیری موسڵمانان بەراوردی بكەین.

توندوتیژی دیاردەیەكی كۆمەڵایەتییە

توندڕەوی تایبەت نییە بە كۆمەڵگەیەك بەتەنیا، بیروباوەڕە باوەكان دەور دەبینن لە كەم كردن یان گەورەكردنی ئەو توندڕەوییە بەڵام توندوتیژی هەر دەمێنێت.

لای هیندۆسییەك كوشتنی مانگا و مشك و مار.. گوناهە بەڵام هەندێك هیندۆسیمان بینی كوشتنی مرۆڤی موسڵمان بە حەڵاڵ دەزانن، دەشبوایە هیندۆسییەكان ئەمەیان نەكردایە، دەشبوایە كۆمەڵەكانی ئاژەڵ پارێزی نەرمترین كۆمەڵ بوونایە بەڵام كۆمەڵێ وا لە رۆژئاوادا بینراون تاقیگە پزیشكییەكان دەتەقێننەوە و دكتۆر دەكوژن چونكە تاقیكردنەوە لەسەر ئاژەڵدا دەكەن (بڕوانە بەشی دووەمی ئەم باسە).

بە كورتی هیچ كۆمەڵگەیەك لە توندڕەوی و ئیرهاب بێبەش نییە، رۆژئاواش كە زۆر شتی باشی بۆ خۆی ئیحتكار كردووە دەیەوێت ئیحتكاری ئیرهاب بۆ رۆژهەڵات و بەتایبەتی بۆ موسڵمانان بێت.

كێشەی پێناسە

وەسف كردنی كەسێك یان لایەنێك بە توندڕەو و بە ئیرهابی یان میانڕەو وەك وتمان پەیوەندی بە زانستەوە نییە بەڵكو بە پڕوپاگندە ، بۆیە تا ئێستا پێناسەیەكی وا بۆ ئیرهاب نییە جێگەی رەزامەندیی هەموو لایەك بێت، پێناسەیەك هەیە دەڵێت كە ئیرهاب:

بریتییە لە بەكارهێنانی توندوتیژیی نایاسایی یان هەڕەشە كردن بەبەكارهێنانی ئەو توندوتیژییە ئەویش بە هەموو جۆرەكانی وەك كوشتن و شێواندنی لاشەو ئازاردان و تێك دان (...) بە شێوەیەكی گشتیش بریتییە لە بەكارهێنانی زۆرە ملێكردن بۆ ملكەچ كردنی نەیار بۆ خواستی لایەنە ئیرهابییەكە [٣].بەڵام با پرسین:

١- وشەی نایاسایی چی دەگرێتەوە؟ كام یاسا؟ هەتا ئەگەر یاسایەكی ناڕەوا بێت؟ ئەی یاسای رەواو ناڕەوا كێ دیارییان دەكات؟

٢- بەكارهێنانی زۆرەملێكردن (إكراه) شتێكە هەموو دەوڵەتەكان ئەنجامی دەدەن بەڵكو تەنانەت بە شێكە لە پێكهاتەكانی دەوڵەت و مەسەلەیەكی لای هەمووان پەسەندە. ئەمە بۆ زۆرەملێی ((رەوا)) جگە لەمەش جۆرەكانی تری زۆرەملێكردن پیادە دەكرێن: داگیركردنی وڵاتان، دەستخستنە ناو كاروباری وڵاتان، سەپاندنی بیروباوەڕ... هیچیشیان وەكو ئیرهاب ناونەبراون.

پێناسەیەكی تر وشەی (نایاسایی) بەكارناهێنێت. پێناسەكە دەڵێت ئیرهاب:بەكارهێنانی توندو تیژی یان هەڕەشە كردنی بەكارهێنانی توندوتیژییە بۆ بەجێهێنانی ئامانجە سیاسییەكان[٤] پێناسەیەكە لەسەددا سەد هەڵەیە چونكە بەم پێیە هەموو جەنگەكانی جیهان ئیرهابین، ئەی (كلاوزڤیتز) لەبارەی جەنگەوەنەیوتبووكە جەنگ (درێژەپێدانی كاری سیاسییە لەرێگەی دیكەوە) [٥]؟ وەسفێكە جێگەی قبووڵی زۆر كەس بوو.

www.kurdistannet.org

پێناسەیەکی هاوشێوە هەیە بەڵام تەعبیری ((بەکارهێنانی توندوتیژی بە شێوەیەکی مەنهەجی)) بەکار دەهێنێت و ئامانجەکان بە تەنیا سیاسی نازانێت [٦] دەشڵێت کەوا ئیرهاب ڕێگەیەکی پێکاچوونە لە ململانەی نێوان هێزو و گروپی کۆمەڵایەتی زیاتر لەوەی نێوان تاکەکەسەکان بێت و بۆی هەیە لە هەموو نیزامێکی کۆمەڵایەتیدا ڕووبدات [٧].

ئەم پێناسانە جێدەهێڵین و دێینە سەر زاراوەیەکی سەیر کە لە ئەدەبیاتی سیاسی و فیکریی کوریدا بڵاوبۆتەوە ئەویش ((توندڕەوی)) یە، (توندڕەوی) بەرامبەر (تطرف)ی عەرەبی نییە، (توندڕەو) بەزۆری بۆ ئەو کەسانە بەکارهێنراون کە توندوتیژی پیادە دەکەن ، پێناسەیەکی هەڵەیەو لە هیچ فەرهەنگێکی سیاسیدا نییە و بێ سوودە بەدوای پێناسەیەکیدا بگەڕێین، هەرچەندە لەبەر نەبوونی بەدیلێك ناچارین بەکاری بهێنین.

جگە لە مانە زاراوەی ئوسوڵیەت (Fundamentalism) هەیە کە جیایە لە (تطرف) بەڵام لەگەڵ ئەودا پەیوەست کراوە . ئوسوڵیەت وەك مەوسوعەیەکی ئەمەریکی دەڵێت ناوێك بوو بۆ بزاڤێکی پارێزگاری خەباتگێڕ کە دەیەکانی پاش جەنگی یەکەمی جیهانی لەناو کەنیسەی پرۆتستانتی لە ئەمەریکادا گەشەی کرد بوو، بە شێوەیەکی سەرەکیش لە کەنیسەکانی باپتست (Baptist) (مەعمەدانی) و دیسایپل (Disciple) و پریسبیتاری (Presbytarian) خۆی نیشان دابوو بەڵام هەروەها پشتیوانییەکی باشی هەبوو لەکۆمەڵەکانی تری سەر بە کەنیسەکان.ئەم بزاڤە کۆششی کردبوو بۆ سەپاندنی بیروباوەڕەکانی بەسەر کەنیسەکاندا و بەسەر جەماوەر و قوتابخانەکانی تایبەت بە تایفەکاندا [٨].

بنەماکانی ئەو ئوسوڵیەتە پێنج خاڵ بوون: عیسمەتی تەورات، لە دایك بونی پاکیزەی مەسیح، ئازارو مردنی مەسیح بە شێوەیەکی سەروو سروشتی، گەڕانەوەی مەسیح بەلەش بۆ ژیان، پێنجەمیشیان ئەوەیە موعجیزەکانی ئینجیل جێگەی باوەڕن [٩].

لێرەدا پێناسەیەکی گونجاو بۆ ئوسوڵیەت هەیە چونکە وەسفی دیاردەیەك بوو کە لەوجوددا هەبوو بەڵام کاتێك نۆرەی ئیسلامییەکان هات ناوەکەیان لێ نرا بێ پرسیارکردن لە پێوانەیەك بۆ ئوسوڵیەتی ئیسلامی.

ئیسلامییەکان و موسڵمانان لە غەیری ئیسلامییەکان لەسەر ژمارەیەك بنەما ڕێکن، کەواتە هەموو موسڵمانان ئوسوڵین.

ئوسوڵیەت زاراوەیەکی ڕۆژئاواییە وپێمان دەفرۆشرێت، بەوەش دەزانین کە بەکارهێنانی زاراوەکە بۆ ئێمە کارێکی پروپاگندەیە نەك زانستی کاتێك بزانین ئوسوڵیەت لای ڕۆژئاوا جێگەی ڕەزامەندی نییە، چونکە وشەکە ڕۆژانی ئەوسای دەمارگیریی ئایینیی ڕۆژئاوا دەهێنێتەوە یاد، لەمەش زیاتر دڵنیا دەبین کاتێك بزانین کە لە ئەمەریکادا و بە پێچەوانەی ئەوروپا وشەکە (ئەوەندەی من بزانم) بۆ ئیسلامییەکان زۆر بەکارنایەت ئەویش چونکە بزاڤی ئوسوڵی لە ئەمەریکا دا زۆر بەهێزە و بەکارهێنانی وشەکە بۆ ئیسلامییەکان جۆرە سۆزێك دروست دەکات لای ئوسوڵییەکانی ئەمەریکا، دەشزانین کە لەبواری پروپاگندەدا مەبەست ناشیرین کردنی نەیارە نەك دروست کردنی سۆز بۆی.

کەواتە هەرلەسەرەتاوە کێشەی پێناسەمان هەیە، ئەمەش وەکو زۆر چەمکی تر: دیموکراسی، سۆشیالیزم، مافی مرۆڤ، عەلمانیەت، ئازادی،... کەپێناسەیەکی زانستیان نییە وتێگەیشتنی هەر یەکێك لەو چەمکانە دەوری هەیە لەپێناسەکردندا ئەمەش بەپاڵ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی کەلەحاڵەتی پێناسەی ئیرهابدا بەرژەوەندی زاڵترە. ئەوەتا ئەمریکا دیەوێت پێناسەی خۆی بۆ ئیرهاب بسەپێنێت. پێناسە ئەمەریکییەکە ئەو ئیرهابەی دەوڵەت پیادەی دەکات وەلاوە دەنێت، فەرەنسا بەهەمان شێوە ئیرهابی دەوڵەت ناخاتە ناو پێشنیارکەی بۆپێناسەکردنی ئیرهاب [١٠] وەلاوەنانی ئیرهابی دەوڵەت لەبەر ئەوەیە کەئەو دەوڵەتانەی ئیرهاب پیادە دەکەن دەیانەوێت پێناسەیەك بۆ ئیرهاب بسەپێنن کەغەیری خۆیانی پێ تاوانبار بکەن.

پێوانەیەکی دروست

کەواتە ئیرهابی کێیە؟ چۆن حوکم لەسەر کارەکان بکەین بۆ ئەوەی کەسێك بە ئیرهابی بزانین؟ بۆ ئەم مەبەستە وەسیلەکان یان ئامانجەکان یان بیروباوەڕەکان پێوانەن؟ئەوسا ئیرهاب وشەیەك نەبوو بەڕادەی ئەمڕۆ قێزەون بێت.

(ڕۆبسپییێر)، کە سەرکردەیەکی شۆڕشی فەرەنسا بوو و لەگەڵ هاوڕێکانیاندا حوکمی ئیرهابی لە١٧٩٣- ١٧٩٤ پیادەکردبوو دەیوت کەوا هەردوو ئیرهاب وفەزیلەت پێکەوە پێویستن. ئیرهاب بێ فەزیلەت ئەنجامی خراپی لێ دەبێتەوە وفەزیلەت بێ ئیرهاب بێ دەسەڵات دەمێنێتەوە [١١] .

مارکسیش هەڕەشەی لەحکومەت دەکرد ودەیوت:کاێك نۆرەی ئێمە دێت هیچ عوزرێك بۆ ئیرهابەکەمان ناهێنینەوە... [١٢] ئەگەر وشەیەکیش لای خەڵك نەخراپ ونەباش بێت ئاسانە پێوانەی بۆ دابنرێت بەڵام کاتێك بەپێی ئارەزوو یان بەرژەوەندی بەکار بێت گەڕان بەدوای پێوانەیەکی دروست کێشەیەکە چارەسەرەکەی زەحمەتە.

کاتێکیش ((ئێمە)) و ((ئەوان)) دێتە گۆڕێ پێوانەکان لە مەوزوعیەت دوور دەکەونەوە. نووسەرێکی رۆژئاوایی دەڵێت: جیاوازی نییە نێوان بۆمبێك فڕۆکەیەك فڕێی بدات لەگەڵ نارنجۆکێك کەسێك هەڵی بدات بەڵام کاری نارنجۆکەکە لەسەر پیرەژنانی رۆژئاوا گەورەترە وبکەری ئەمیان بەئیرهابی ودەرچوو لەیاسا تەماشا دەکرێت. جیاوازییەکەش لەوەدایە کە قوربانییەکانی ئیرهاب ((لەئێمەن)) –واتە لەرۆژئاوا– لەکاتێکدا قوربانییەکانی بۆ مباکانی فڕۆکەکە ((لەوانن)) – واتە ژێردەستەکان [١٣]. ((ئێمە)) و (ئەوان)) پێوانەیەکی نادروستە. ((ئێمە)) ئیرهابین ئەگەر چیش تاوانەکانمان بچووکتر بن.

سەپاندنی بیروباوەڕ

مەسەلەکە لەخستنە رووی پێوانەی نادروستدا ناوەستێتەوە بەڵکو بۆ سەپاندنی ئەو پێوانەیە پەل دەهاوێت. دەسەڵاتداران نەك تەنها خۆیان بەسەر لاشەتدا دەسەپێنن بەڵکو دەیانەوێت دەست بەسەر مێشکیشتدا بگرن. ئەو کەسەی لای ئەوان ئیرهابییە دەبێت لای تۆش ئیرهابی بێت.

تەنها دیکتاتۆرە بچووکەکانی ئێمەش نین کە بیروباوەڕەکانیان دەسەپێنن. ئەمەریکا راڤەیەکی خۆی بۆئیرهاب هەیە یان راستر بڵێن هیچ راڤەیەکی وای نییە بەڵکو تەنها لیستێکی هەیە بەناوی دەوڵەت ولایەن وکەسە ئیرهابییەکان لەگەڵ چەند رێنماییەك بۆ ئەوەی نەچێتە ناو لیستەکە کە لەو رستەدا کۆدەبنەوە: دژی ئەمریکا وهاوپەیمانەکانی مەوەستە.ئەم تۆقاندنە ئەمریکیە ترسێکی دروست کردووە تەنانەت لەبەکار هێنانی هەندێك وشە وەك (جیهاد).

پێویستە پێوانەکانت هەمان پێوانەکانی ئاغای گەورەبن دەنا خۆت بۆ غەزەبی ئامادە بکە. چەند ساڵێك لەمەوبەرو پاش کوژرانی چەند جوولەکەیەك لەسەر خاکی داگیرکراوی فەلەستین کۆنگرەی (شرم الشیخ) دژی ئیرهاب بەسترا. لەم کۆنگرەیەدا ٢٨ سەرۆکی جیهان بەشدارییان کردو چوونە پاڵ لایەنە بەهێزەکە. لەم لوتکەیەدا ئیدانەی هێرشە ((ئیرهابییەکان)) وبەتایبەتی ئەوانەی دژی ئیسرائیل کراو بە ((نامۆ بەبەها ئەخلاقی و رۆحییەکانی هەموو گەلانی ناوچەکە ناوبران...)) کام بەها؟ جوولەکە خاکی فەلەستینیەکانیان داگیرکردوە و باس لەبەها ئەخلاقییەکان ناکرێت. ئاشکرایە مەبەست لەو بەهایانە چییە! بەهاکانی ئاغا.

بیروباوەڕی ئامادەو پێوانەی سەیر تەنانەت لای ئەو کەسانەش هەن کە ((تێگەشتوون)) ودەمارگیر نین. یەکێك لەوانە پرۆفیسۆری ئەمریکی (جۆن ئیسپۆزیتۆ) کە خاوەنی هەڵوێستی باشە لەموسڵمانان وئیسلامییەکان. ئیسپۆزیتۆ جیاوازی دەخاتە نێوان ئیسلامییە ((میانڕەوەکان)) کە دەکرێت بەشداری بکەن لەگەڵ نیزامەکانداو ((متطرف))ە رادیکاڵەکان کەدەیانەوێت ئەم نیزامانە لابەرن . بەپێی ناوبراو پێویستە ئەم کۆمەڵە رادیکاڵانە (ئحتوا) بکرێن [١٤].

ئەمەش رای کەسێکە دەمارگیر نییە: پێویستە بیرلە گۆڕینی نیزامەکان نەکرێت ئەگەر چیش نیزامی ستەمکاری بن.جگە لەسەپاندنی وشیارانەی چەمکەکان سەپاندنێکی تری هەست پێ نەکراو هەیە ئەویش کاری دەوروبەر. دکتۆر (یوسف قەرەزاوی) باس لەو دەوروبەرە ئایندارە دەکات کەچۆن بچووکترین کەموکورتی تیایدا دیار دەبێت ودەوربەرێکی دوور لەئاین کەبچووکترین پابەندبوون بەئاینەوە وەك دەمارگیری و (تشدد) تەماشا دەکات [١٥].

لەمەوە تێدەگەین چۆن لەکرواتیادا دەربارەی سەرۆکی بۆسنە (عەلی عیززەت بیگۆڤیچ) نووسرابوو کەتوندڕەوە چونکە بیگۆڤیچ هەندێك جار کۆبوونەوەکانی دەوەستان کاتی نوێژ بەمەبەستی ئەوەی نوێژ بکات [١٦].

ناوەندی ((رۆشنبیر))

ئازادیە ناوەندو دەوروبەرە ((رۆشنبیرییەکان)) بۆ خۆیان بیرباوەڕ دەسەپێنن. پیادەکردنی ئەگەر لەدەوروبەرێکی عەلمانیدا رەخنە لەئاین بگیرێت بەڵام پێویستت بەئازایەتییە تاکو دیفاع لەئاین بکەیت. چەندیش ئاین نامۆ بێت لەناو ئەو دەوروبەرەدا ئەوەندە ئازایەتی پێویستە. بە گشتیش دەوروبەری رۆشنبیری ئیرهابێکی فیکری نەبینراو دەسەپێنێت دژ بەو فیکرەو بۆچوونانەی لەناو ئەو دەوروبەرەدا نامۆن.

جێگەی مەبەست لێرەدا باسکردنی جیهادە. بۆ ئەوەی رێزت بمێنێت دەبێت باس لەجیهاد نەکەیت. لەهەندێك ناوەندا باسی هەمو جۆرە خەباتێکی چەکدار کارێکی نامۆیە.

(ریجی دوبرێ)ی چەپڕەو لەنامەیەکیدا کە لە بەندیخانەدا نوسیبووی باسی ئەو فیکرەیە دەکات کەپیاوی قەڵەم چەك هەڵناگرێت ودەڵێت ئەمە وەکو ئەوەیە بوترێت: کوڕەکەی من ڕێگر نییە، کوڕەکەی من لاوێکی بەشەرەفە (١٧).

مێشك شۆراوەکان

ئەنجامیش پەیدا بوونی نەوەیەکی مێشك شۆراوە . نەوەیەك زاراوە وپێناسەو پێوانەکان وەکو جل وبەرگ ومۆدێلیسەیارە لەدەرەوە دەهێنێت.

نەوەیەك بەهاکانی ((بەهێزەکان)) وەردەگرێت. ئیسلامی وئیرهابی بەیەك دەزانێت. ئەو نەوە مێشك شۆراوەیە بەهاکانی لەناو کۆمەڵگەدا بلاْودەکاتەوە ودەیانکاتە بەهای زاڵی ناو کۆمەڵگە. وەنەبێت ئەو بەهایانە لەداهێنانی ئەو بن. مێشك شۆراو خاوەنی هیچ شتێکی خۆی نییە.

میانڕەویش وەکو ئیرهاب پێناسەی نییە

(ئیسپۆزیتۆ)مان بیست باس لەو بزاڤە ئیسلامییانە دەکات کە دەتوانن بەشداری لەگەڵ نیزامەکاندا بکەن، واقیع شتێکی تر دەڵێت.

(راشد الغنوشی) لە تونس و (عبدالسلام یاسین)لە مەغریب و (ئیخوان)ی میسر دژ بەتوندو تیژین بەلاّم راشد لەبەندیخانەی (بورقیبە)وە بەرەو مەنفا ڕۆشت نەوەکو بخرێتە بەندیخانەکانی (بن علی)، (عبدالسلام یاسین) لەژێرئیقامەی جەبریدا دانراوە، (ئیخوان)یش دەیان جار داوا دەکەن ببنە حزبێکی رەسمی بەلاّم حکومەت رازی نابێت. ئەمانە بە ((میانڕەو)) ناوەدەبرێن.لەمەیش خۆشتر ئەوەیە کە تەنانەت ئەو ناوەشیان پێ رەوا نازانرێت وەك چۆن هەندێك کەس لەبلاْوکراوەکاندا باس لە (ئیخوان وتیرۆر) دەکەن.

ئیسلام ئاینی میانڕەوییە بەلاّم ئەم میانڕەوییە بەهەڵە تەفسیر دەکرێت. میانڕەوی ئەوەیە کەلە قورئاندا دەبینرێت. جیهاد لە پێناوی خودادا شان بەشانی ئاشتی دەوەستێت. نەفرەت کردن لەچەك میانڕەوی نییە بەڵکو شێوەیەکی تری توندڕەوییە. دەبێت نەفرەت لەزوڵم بکرێت نەك لەچەك، هیچ دەوڵەتێکیش نەفرەت لەجبەخانەکانی خۆی ناکات بەڵکو ڕۆژ بەڕۆژ قەبەتری دەکات.

لەمێژووی بزاڤە سۆشیالیستەکاندا حاڵەتێکی هاوشێوەمان هەیە.ترۆتسکی رەخنە لە (کاوتسکی)ی مارکسی ((تەحریفی)) دەکات ودەڵێت کاوتسکی هیچ ولاّتێکمان پێ ناڵێت کەتیایدا لەرێگەی دیموکراسییەوە و بێ ئازار سۆشیالیزم بەدی هاتبێت (١٨).

هەشتا ساڵە قسەکەی ترۆتسکی خۆی دەسەلمێنێت ودەیان ساڵی حوکمی حزبە سۆشیال دیموکراتەکانی ئەوروپا هیچ ولاّتێکینەکردە ولاّتێك سۆشیالیست.هەر لەمێژووی بزاڤی سۆشیالیستدا و لەسەدەی نۆزدەدا کۆمۆنەی پاریس ویستی میانڕەو بێت و خەڵکی دڵنیا دەکرد کەدەست لەموڵکایەتی نادات بەلاّم ئەم دڵنیا کردنە وەك ترۆتسکی دەڵێت چەکی لە دەستی دوژمنانی پرۆلیتاریا نەسەند بەڵکو بە پێچەوانەوە وزە خەباتگێڕەکەی لەپرۆلیتاریا سەند (١٩)، ئەنجامەکەش فەشەلی کۆمۆنەکە جگە لەقوربانییەکی زۆر کە بەپێی سەرچاوە سۆشیالیست وکۆمۆنستەکان زیاد لە (٣٠) هەزار کەس بوو (٢٠).

دەسەلاّتداران هەر کاتێك پێیان باش بێت پەنا دەبەنە بەر چەك و لەرێگەی تۆمەتی ئیرهابەوە چەك بە نەیارەکانیان دادەنێن پاشان داوای میانڕەوی لەو نەیارانە دەکەن.

بنەماکانی گەمەکە

ئەمەش بنەمایەکی سەرەکیی گەمەکەیە: خۆت چەکدار بکەیت وبەرامبەرەکەت بێ چەك بهێڵیتەوە. دەسەلاّتداران بەندیخانە وسێدارەو موخابەرات وراگەیاندنی خۆیان هەیە ونەیارەکان لەمانە بێ بەشن ولەزۆر ولاّتدا قسەکردنیشیان قەدەغەیە.

((ئیرهاب)) شکاندنی بنەماکانی گەمەکەیە بۆیە ناوێکی ناشیرینی پێ دەبەخشرێت. ئیرهاب لەشوێن وکاتێکدا گورز دەوەشێنێت کە دەسەلاّتداران لەناکاو دەبات وزاڵبوون (تفوق)ی سەربازییان دەخاتە مەترسی.

لەبەردەم ئیرهابدا دەسەلاّت سوود لەژمارەی زۆری چەکدارەکانی وەکو پێویست وەرناگرێت هەر بۆیەش لێی دەترسێت.

ئیرهابی رژێمەکان

بۆچی کاری توندوتیژیی ئیسلامییەکان لەبەر چاوترە؟ ئەگەر پرسیارەکەش فراوانتر بکەین دەڵێین: بۆچی کاری توندوتیژیی ئیسلامییەکان وچەپڕەوەکان وراستڕەوەکانی جیهان لەبەرچاوترە؟

کۆمۆنیزم نووسین وبۆچوونی توندوتیژی هەیە بەڵام کۆمۆنیزم وەك بیروباوەڕێك دژی سەرمایەداری وچەوساندنەوەی کرێکاران سەری هەڵدابوو وکاتێك کاری توندوتیژی دژی حکومەت دەکات هەر ئەوەندەی سەرمایەداری توندوتیژە. ئەم قسەیەمان زێدەڕۆیی نییە و حسابی ماتماتیکی ئەمە روون دەکاتەوە. سەرمایەداری بەدەیان هەزار کرێکاری چەوساندۆتەوە وتائێستاش وتارادەیەکی بەرچاو دەیانچەوسێنێتەوە. سەرمایەداری گەلانی جیهانیشی رەتاندووەو دەیانڕەتێنێتەوە بەڵام چونکە ئەو هەموو تاوانانە بەسەر ژمارەیەکی زۆری مرۆڤدا دابەش بوون و هەر مرۆڤێك بەشێکی چەوساندنەوەی بەرکەوتووە زوڵمەکە بەزەقی دیار نییە ئەمەش بەپێچەوانەی ئیرهابی کۆمەڵێکی چەکداری کۆمۆنیست کەلەچەند شوێنێکدا چڕبۆتەوە.

ئەمەش وەکو دوو دڵۆپە مەرەکەب یەکێکیان بکرێتە پەرداخێك ئاو وئەوی دیکەیان بکرێتە ناو بەرمیلێك ئاو.

جگە لەکۆمۆنیستەکان رێکخراوە راستڕەوەکانی ئەمریکا چەند توندوتیژی پیادە بکەن هەر بەتوندوتیژیی حکومەتی ئەمریکی ناگەنەوە. ئیسلامییەکانیش بەهەمان شێوە. توندو تیژیی حکومەتان لەکارە تیرۆریستیەکان گەورەترە مەسەلەکەش پەرش وبڵاوبوونەوەی ئەویان وچڕبوونی ئەمیانە.

ئەمە هۆیەکی زەق نەبوون و دەرنەکەوتنی ئیرهابی دەوڵەتە، هۆکەی تریش ئەوەیە دەوڵەتان لایەنی بەهێزن بۆیە چەمك وپێناسە وتیۆروپاساو بۆیان دەهێنرێنەوەو ئیرهاب ئەوان ناگرێتەوە. گەمەکە هەمیشە گەمەی بەهێزە، ((ئیرهاب)) یش وەك وتمان شکاندنی گەمەکەیە.

رژێم تیرۆر ناکات

بۆچی (ئیرهابییەکان) تیرۆر پیادە ناکەن؟ یان بابڵێین: بۆچی رژێم کەمتر پەنا بەر تیرۆر دەبات؟ رژێم سێدارەی هەیە بۆیە پێویستی پێی نییە، رژێم زیندانی هەیە. تیرۆری رژێم بریتییە لەزیندانی کردن ولەسێدارەدان وتۆقاندنی خەڵك، لەمەوە دەزانین پەیوەست کردنی وشەی ((تیرۆر)) بەکوشتنەوە هەڵەیەو بەئەنقەست کراوە. باتێبینی ئەوەش بکەین کەچەند رژێمەکە بەهێز بێت ئەوەندە پەنا ناباتە بەر کوشتنی نەیارەکان. رژێم زیاتر نەیارەکانی لەدەرەوەی وڵات دەکوژێت چونکە دەستی پێیان ناگات وناتوانێت بیانخاتە زیندان ولەسێدارەیان بدات.

((ئاسایش)) و سوپای گەل

کێشەی یەکەمی ((ئیرهابییەکان)) لەگەڵ هێزەکانی ((ئاسایش)) دایە. کێشەی هەموو خەڵکەکە لەگەڵ ئەو ئاسایشەیە. رژێمەکانی زیاتر پشت بەموخابەرات ودەزگاکانی ئەمن دەبەستن وکەمتر پشت دەبەستن بەسوپا.

لەراپەڕینی ١٩٩١ی عیراق وکوردستاندا بینیمان چۆن پیاوانی ئەمنی بەعسی بەو پەڕی توندوتیژییەوە کوژران لەکاتێکدا سەربازە عەرەبەکان لەکوردستاندا هەر بەجل وبەرگی سەربازیی خۆیانەوەو بەو پەڕی ئازادییەوە لەناو شارەکاندا دەگەڕان وتەنانەت خواردن وپارەشیان لەلایەن خەڵکەکەوە پێ دەدرا. لەراپەڕینی١٩٨٩ش دژی دیکتاتۆرە کۆمۆنیستەکەی رۆمانیا (چاوشیسکۆ) نەك تەنها سوپاو ئاسایش (پۆلیسی نهێنی) لەیەکتر جیابوونەوە بەڵکو تەنانەت سوپا خۆی چەکی ئاراستەی ئاسایش کرد. ئەمە حاڵی هەموو وڵاتێکە. ئاسایش دەزگایەکی تۆقاندنە لەکاتێکدا سوپا سوپای گەلە.

ئەم جیاوازییەش دەگەڕێتەوە بۆ بواری کارو مەبەستی دامەزراندنی هەر یەکێکیانە.

بواری کاری ئاسایش ((بەرەی ناوەوەیە)) و لەبەر ئەوە زەبرو زەنگەکەی‌ئاراستەی هاووڵاتیان دەکات لەکاتێکدا زەبری سوپا ئاراستەی دوژمنی پشت سنوورە. سوپا تەقالیدی سەربازیی خۆی هەیە لەکاتێکدا ئاسایش خاوەن ((ئەخلاقیاتی)) تایبەتی خۆیەتی. سوپا بۆیە سوپای گەلە چونکە هاووڵاتیان تیایدا بەشدارن لەکاتێکدا ئاسایش هەڵبژاردەیە. سوپا هەموو جۆرە کەسێکی تێدایە وئاسایش مواسەفاتی تایبەتی لەئەندامەکانی دەوێت. سوپا لەرۆژدا کاردەکات تاریکیش بۆ ئاسایش گونجاوترە.

ئەم جیاوازییانە لەهەموو شوێنێکدا هەن. بێگومان هەندێك وڵات بۆ سەرکوت کردنی نەیاران پشت بەسوپا دەبەستن بەڵام ژمارەی ئەو وڵاتانە کەمن ویاسا گشتییە بۆ باقی حاڵەتەکان راستە.چەندیش زەبرو زەنگی ئاسایش وموخابەرات زۆرتر بێت ئەوەندەش پاساوەکانی ((ئیرهابییەکان)) گەورەتر دەبن.

ڕاگەیاندن لەخزمەتی بەهێزدایە

ڕاگەیاندنی لایەنە بەهێزەکان دەیەوێت هاوکێشەکە ڕاست بکاتەوەو پاساو بۆ ((ئیرهاب)) نەهێڵێت.کاری یەکەمی ڕاگەیاندن دورخستنەوەی خەڵکەکە لە ((ئیرهابییەکان)) و لەو مەسەلەیەی ((ئیرهابییەکان)) هەڵیانگرتووە.

نموونەیەکی نزیک لەخۆمانەوە بڵێین: برادەرێك لەڕاگەیاندنی حزبێکی عەلمانیدا کاری دەکرد بۆی باس کردم چۆن کاتێك هەواڵێکی لەکەناڵێکی جیهانییەوە وەردەگرت فەرمانی پێ دەدرا دەستکاریی بکات.جارێکیان هەواڵی گرتنی چەند ئەندامێکی (ئیخوان) ی وەرگرت و کەمامۆستا و ئەندامی پەرلەمانیان تێدا بوو. ئەو هەواڵە دوایی لەو دەزگا کوردییەوە وەکو گرتنی چەند تیرۆرستی ئیسلامی بڵاوکرایەوە.

نموونەیەکی نزیکتر: لەڕۆژنامەی حزبێکی دەسەڵاتداری کوردیدا هەواڵێك بڵاوکرایەوە، ئێمەش لە (ڕێگای یەکبوون)دا هەواڵەکەمان وەکو خۆی دابەزاند. تەماشا بکەن چۆن ڕاگەیاندن دەوری خۆی دەبینێت: ئەمەیان هەواڵەکەی خۆمانە:

سەرەڕای پابەندبوونی (الجماعة الاسلامية) بەوەستاندنی توندوتیژی پۆلیسی میسر چوار ئەندامی (جماعة) دەکوژێت.

هەرچەندە (الجماعة الاسلامية)ی میسر لەمانگی ئازارەوە ڕایگەیاندبوو کە کاری توندوتیژی دەوەستێنێت بەڵام پۆلیسی میسر سەرکردەیەکی (جماعة) و سێ ئەندامیان لەباشووری قاهیرەدا کوشت، لەوەڵامی ئەمەشدا پارێزەر (منتصر الزيات) بڕیاری دا دەست لەکاربکێشێتەوە وداوای لەسعودیە کرد کە لە (مەککەدا) دانشێت. (منتصر الزيات) دەرکەوتووترین کەسە لەناو ئەو پارێزەرانەی کە لە دادگادا بەرگری لەئیسلامیەکان دەکات. (الزيات) ڕایگەیاند کە سێ کوژراوەکە پابەندی ئاگر بەست بوون وکوشتنیان کاری خراپی هەیە لەسەر وەستانی کاری توندوتیژی، هەروەها حکومەتی میسری بەوە تاوانبار کرد کە بەشێوەیەکی ئیجابیانە مامەڵە لەگەڵ دەستپێش خەرییەکەی (جماعة) ناکات (*ڕێگای یەکبوون ژمارە ٤٦، ١٩٩٩/٩/٢٢ لاپەڕە٢*) ئەمەش هەواڵەکە لەڕۆژنامەی حزبە دەسەڵاتدارەکە (لە١٩٩٩/٩/٨ ل١).

میسر کوژرانی (٤) توندڕەو

تەلەفزیۆنی ئەلجەزیرە: پۆلیسی میسر لەیەکێك لەشەقامەکانی قاهیرەدا (٤) کەسی سەر بەگروپە ئیسلامیە چەکدارەکان کوشت لەم بارەیەوە پۆلیسی میسر ڕایگەیاند، ڕووداوەکە لە (جيزة) ڕوویدا کاتێك ژمارەیەك پۆلیس بەدوای یەکێك لەسەرکردەکانی گروپی ئیسلامیەکانەوە بوون بەمەبەستی دەستگیرکردنی.

(هەواڵەکەش سێبەرێکی بۆری بۆکرابوو تا بەزەقی دەربکەوێت)

ئەمە لای خۆمان. لەڕۆژئاواشدا هەمان بەزم هەیە" لەڕاستیشدا ئەمەی لای خۆمان تەنها دەنگدانەوەی ئەوەی ڕۆژئاوایە.ڕاگەیاندن پاڵەوان وئیرهابی وبێ تاوان... دروست دەکات. (ڕیجی دوبرێ) لەبەندیخانەدا بوو کاتێك پیاوێکی کوبی کە بەکرێگیراوی موخابەراتی ئەمەریکی بوو سەودایەکی لەگەڵدا کرد: ئەگەر (دوبرێ) هاوکارییان بکات هەڵمەتە ئیعلامییەکە لەدژی زۆر زوو دەوەستێنرێت. وەك چۆنیش دروستیان کرد لەچەند ڕۆژێکدا نایهێڵن وهەموو وتارو هەڵمەتەکانی ڕۆژنامەکان وپۆستەرەکان لەشەقامەکاندا وخۆ پیشاندانەکان کۆتاییان پێ دێت. ئالەو کاتەدا (دوبرێ) گوێی لەهاواری دەیان خۆپیشاندەر لەدەرەوەی بەندیخانەدا بوو داوایان دەکرد لەسێدارە بدرێت [٢١].

باسی ئەمڕۆش بکەین" بیریاری فەلەستینی (ئێدوارد سەعید) باس لەسیمینارێکی تەلەفزیۆنی دەکات ئەویش نێوان (ئێریك ڕولۆ)ی ڕۆژنامەنووسی ناوداری فەرەنسی لەگەڵ جیمس وۆلزی (سەرۆکی پێشووی CIA) وجیمس کیمپ کەناوی ((پسپۆڕ لەئیرهاب))ی لێنراوە.

(ڕولۆ) سێ جار هەوڵی دا چۆنێتی دامەزراندنی بزووتنەوەی (حەماس) باس بکات بەڵام پێشکەشکاری بەرنامەکە ڕێگەی قسەکردنی بێ نەدا. ئێدوارد سەعید دەڵێت: گرنگ سەلماندنی ئەوەیە کەئەوان ((دژ بەئیرهابی ئیسلامییەکانن)) ودڵیان بەمە خۆشە، غەیری ئەوەش گرنگ نییە [٢٢] واتە گرنگ دروستکردنی ((شەیتان)) کەیە.

جگە لەدوژمنایەتی کردنی ئیسلام وئیسلامییەکان و ڕۆژهەڵات بەگشتی ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوا شتێکی تر پاڵی پێوە دەنێت ئەویش وروژاندن (اثارة). ڕاگەیاندن تا ورووژاندنی زیاتر بێت قازانجی ماددیی زیاترە، ڕاگەیاندنیش لەڕۆژئاوادا بازرگانییە. ڕۆژنامەو گۆڤارو کەناڵە جددییەکان سەرفیاتی کەمتریان لەکەناڵەکانی وروژاندن هەیە بۆیە قازانجیشیان کەمترە. نموونەش ئەمە ڕوون دەکاتەوە: بابڵێین تەقینەوەیەك ڕووی دا" ئایا کامیان سەرنجی خەڵك ڕادەکێشێت" بوترێت تەقینەوەکە بەهۆی گازو بەنزین

بوو یان بوترێت چالاکییەکی تیرۆریست بووە؟ وەڵامەکە ئاشکرایە. راگەیاندنیش تەماشا دەکات چی زیاتر ورووژاندنی تێدایە تەرکیزی دەکاتە سەر، ورووژێنترین شتیش ئەمڕۆ ئیسلامییەکان و ((مەترسی ئیسلامییە)).

پاش تەقینەوەکەی شاری (ئۆکلاهۆما) لەئەمریکادا (کەدوایی دەرکەوت راستڕەوە ئەمریکییەکان بەئەنجامیان داوە نەك ئیسلامییەکان) ناودارترین رۆژنامەی (تابلۆید) لەبەریتانیا (کەسێ ملیۆن دانەی لێ دەردەچێت لەکاتێکدا رۆژنامە جیددییەکان وەکو گاردیان یان ئیندیپێندێنت، پێنج سەد هەزار تاملیۆن دانەیان لێ دەردەچێ) هەواڵەکەی بڵاوکردەوەو تیایدا وێنەی پیاوێکی هێزی ئاگرکوژێن دانرا کە منداڵێکی هەڵگرتووەو مانشێتە سەرەکییەکە ئەمە بوو: بەناوی ئیسلام یاخود لەپێناوی ئیسلامدا (هەر چەندە رۆژنامەکە رۆژی دوایی ئەمەی گۆڕی) (٢٣).

هونەرو ئەدەب لەکارواندا



دەسکەوتنی قازانج لەرێگەی ورووژاندنەوە لەهونەرو ئەدەبدا درێژەی پێ دەدرێت. نووسەرێك باس لەرۆمانی میللی ئینگلیزی وئەمریکی لەپەنجاکان وشەستەکانی سەدەی بیستدا دەکات کە پاڵەوانەکانی کاری وێرانکاری وەك زانای شێت یان جەنەڕاڵی گرژ یان تاوانباری نازی پیشان دەدران بەڵام لەم ماوەی دواییەدا تاوانباری نوێ هاتنە مەیدان ئەوانیش ئوسوڵییە ئیسلامییەکان کەپاڵەوانەکانی نووسینگەی توێژینەوەی فیدراڵی (FBI)ی ئەمریکی هەوڵ دەدەن جیهان لەپیلانە شەیتانییە کانیان رزگار بکەن(٢٤).

بۆ نموونە رۆمانی تیمی سەوز (ساڵی ١٩٩٥ بڵاوکراوەتەوە) کە باس لەنزیك بوونەوەی جەنگێکی پیرۆزو سەرکردەیەکی پێچ و پەناکەر و بە (سەلاحەددین)ێکی نوێ دەزانرێت دەکات . سەرکردەکە دەست بەسەر بزووتنەوەیەکی ئاینی توندو تیژ دەگرێت، ئەم پێشەوایە زۆر حەزی لە دەسەڵاتە و زۆر عەبقەرییە، بزووتنەوەکەش دورەی جیهان دەدات و خێرا بەهێزتر دەبێت و لێدانە کوشندەکەی ئاراستی رۆژئاوا دەکات (٢٥). ئەمە نموونەیەکە لە دەیان، ناوی رۆمانەکانیش باشترین وەسفە بۆیان: زەویی بێ باوەڕان (١٩٨٩ بڵاوکراوەتەوە)، جەنگی پیرۆز (١٩٨٩)، مەهدی (١٩٨١)، درزێك لە ماڵی خودادا (١٩٨٣)، حاجی (١٩٨٤)، پەردەی دڕاو (١٩٨٤)، سەربازەکانی خودا (١٩٩٢) (٢٦). سینەما لەنووسراو کاریگەرترە چونکە جەماوەریترە و ورووژێنەرترە. ئەوسا (کاوبۆی)ی ئەمەریکی دژ بە هیندییە سوورەکان دەجەنگی وەك چۆن ئەمریکییەکان خاوەنی ئەسڵی وڵات بن و هندییەکان داگیرکەربن. ئەم جارە ئیسلامییەکان دوژمنی مرۆڤایەتین وئەمریکییەکان رزگارکەرەوەی ئەو مرۆڤایەتییەن.

لەیەکێك لەو فلمانەدا موسڵمانانی ئەمریکا لەکاتی نوێژدا پیشاندراون و لەکاتی سوجدەدا دەهۆڵی جەنگ لێدەدرێن. دیمەنێکە کەخوێنەری ئەم باسەمان دەتوانێت بەهۆیەوە وێنەیەك بۆ خۆی سەبارەت بەفلمانە دروست بکات . چەندیش وێنەکەی تەواو بێت ئەوەندە دەزانیت فلیمی وا چەند کاریگەری لەسەر عەقڵی رۆژئاواییدا هەیە.

کوشتنی رۆشنبیران

ئەو هونەرو نووسینەی کەئاوا جەنگ دژی ((ئیرهاب)) دەوروژێنێت نووسەران و هونەرمەندان وەکو شەهیدی دەستی ئەو ئیرهابیانە نیشان دەدات. باواز لەرۆژئاوا بهێنین و بێینەوە رۆژهەڵات.

زیندانەکان ئامادەن بۆ رۆشنبیرانی نەیاری رژێم، ئەو کەسەش کەدووره وڵاتەو قەڵەمەکەی جێگەی مەترسییە کوشتن ئاکامێتی. ((ئیرهابییەکان)) هەمان کار پیادە دەکەن بەڵام لەگەڵ یەك جیاوازیدا. ئەو نووسەرو هونەرمەندەی بەر زەبری ئەوان دەکەوێت زۆربەی کات کەسێکی سەر بەرژێمە وخزمەتکاری رژێمە، ئیتر ئایا لەرووی فیکرییەوە پاساو بۆ رژێم دەدۆزێتەوە یان پاساو بۆ سیاسەتی رژێم دەهێنێتەوە. هاوکێشەکەش بەم جۆرەی لێ دێت:

ڕژێم هەموو کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی لەبەردەستدایە لەکاتێکدا نەیارەکان ناتوانن قسە بۆ کەس بکەن. لەو لاشەوە نووسەران وهونەرمەندانی بەکرێگیراو وێنەی ناشیرینی ڕژێم جوان دەکەن.لەهەندێك وڵاتدا نەیاران دەتوانن قسە بکەن وتەنانەت کەناڵی ڕاگەیاندنیان هەبێت بەڵام:

١- ڕۆژنامەیەکی نەیاران چی بۆ دەکرێت بەرامبەر ژمارەی زۆری بڵاوکراوەکانی ڕژێم؟ ڕژێم سامانی وڵاتی لەبەر دەستدایە بۆیە دەتوانێت بڵاوکراوەی زۆری هەبێت ودرۆی زۆرتر بخاتە بازاڕ.

٢- نەیاران ڕۆژنامەیان هەیە بەڵام ناتوانن تەلەفزیۆن ورادیۆیان هەبێت. کەواتە ڕژێم براوەیە چونکە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن جەماوەریترن.

٣ – لەکەم وڵاتدا نەیاران تەلەفزیۆن ورادیۆیان هەیە ولەو وڵاتانەش دیسان هەر وەکو ڕۆژنامە دەنگی ڕژێم بەرزترە.

٤ – بەپاڵ هەموو ئەمانەشەوە نەیاران لەئاکامی بەکار هێنانی ئەو ئازادییە نسبییە دەترسن.

مەسەلەکە بەر لەوەی کوشتنی ((ئازادیی فیکر)) و ((تیرۆری قەڵەم)) وقسەی لەم جۆرانە بێت کێشەی نەبوونی هەمان بوارو ئیمکانیاتە بۆ ڕژێم ونەیارانی، لەم ناعەدالەتەشەوە کوشتنی هونەرمەند ونووسەری سەر بەڕژێم سەرهەڵدەدات. ئیدانەکانی کوشتنی نووسەرێکی بەعسی بۆ نموونە کەقەڵەمەکەی خستۆتە خزمەتی ستەمکاریەکەی ڕژێم ئیدانەیەکن شایەنی گاڵتە پێکردنن.

وەك وتمان دەسەڵاتداران ئەوانە دەکوژن کەدەستیان نایانگاتێ وناتوانێت زیندانیان بکات، ژمارەی ئەوانەش کەم نییە.عەلمانییەکان دەستێکی باڵایان هەیە لە کوشتنی نووسەران و ڕۆشنبیران بەڵام لەبەر ئەوەی ئامێری پروپاگندە لەژێر دەستی ئەواندایە تەنیا ئیسلامییەکان بەم کارە تاوانبارن. لەکوردستاندا کوشتنی هونەرمەند (ماجد حەمەجوان) و (بەکر عەلی)ی شاعیر و مامۆستای زانکۆ (دکتۆر موحەممەد عەزین) وهەڕەشەکردن لەژمارەیەك نووسەر لەبەر ئەوەی ڕاگەیاندنی حزبێکی تریان بەهێز کردووە بەئیرهابی عەلمانی ناژمێردرێن. سەیریش نییە کەبکەری ئەوانەن کە هەمیشە باس لەتیرۆری ئیسلامییەکان دەکەن.

کوشتنی ئافرەتان

کوشتنی ئافرەتان لەبەر مەسەلەی (شەرەف) ناچێتە خانەی تیرۆری سیاسی بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا با بەخێرایی باسی کوشتنی (غسل العار) بکەین.

ئیسلام سزای بۆ هەردوو پیاو وئافرەت داناوە لەحاڵەتی زینادا بەڵام ئەو سزایە فەرمانڕەوا دەیسەپێنێت ومەرجی قورسی خۆی هەیە کەیەکێکیان هەبوونی چوار شایەتە کە زیناکەیان بینووە، واتە کوشتنی ئافرەتێك لەلایەن باوکی یان برایەوە بەهیچ شێوەیەك ئیسلام پەسەندی ناکات. خۆئەگەر حوکمە ئیسلامییەکە بەسەر زینادا بچەسپێنرێت پێویستە چەند ئافرەت سزا بدرێن ئەوەندە پیاو سزا بدرێن چونکە زینا بەزۆری لەناو پیاواندا بڵاوە. بێگومان بەشێك لەو پیاوانە ئەو کەسە حزبیانەن کە هانی نەزانەکان دەدەن بۆ ئەوەی کوشتنی ئافرەت بخەنە پاڵ ئیسلامییەکان.بەم شێوەیە (غسل العار) لەیاسایەکی عەشایەری بەدەر نییە. دەمێنێتەوە کوشتنی ئافرەت بەهۆی سیاسیەوە کە عەلمانییەکان دەستێکی باڵایان لەمەدا هەیە.

بابۆ مێژوو چیرۆکی (خەبات عزت) بگێڕینەوە. (خەبات) لەناو فەرمانگەکەی خۆیەوە بەقژ دەرهێنرایە دەرەوە. پاش ماوەیەکیش کوژرا، ڕێگەیش لەفەرمانگەکە گیرا لافیتەی ماتەمینی بۆ هەڵواسرێت، دوای کوشتنیشی قسە بڵاوکرایەوە کە لەبەر ((بێ ئەخلاقی)) کوژرا.کەس لەو ناوچەیەدا لەسەر (خەبات) نەڕۆشت.

نوکتەیەکی تر ئەوەیە لەیادەکانی هەشتی مارسداو پاش ڕووداوەکە دوو ڕۆژ سیمینار بۆ کێشەی ئافرەت بەسترا. لەناو هەشت تەوەرەدا یەك تاکە تەوەرە دانەنرا بۆ ئەو کێشەیەی هەمیشە لەسەر زماندا بوو واتە (کوشتنی ئافرەتان). یادکردنی هەشتی مارسی ئەو ساڵە لەبەر ڕووداوەکەی خەبات پێویستی بەپشت گوێ خستنی کوشتنی ئافرەتان دەکرد.

کەناڵەکانی تریش ئەم کێشەیەیان پشت گوێ خست. ساڵی دواییش کێشەکە هێنرایەوە باس چونکە کوشتنی (خەبات) دوورکەوتەوە. ڕووداوێکی نزیکتریش لێدانی ئافرەتێکی داپۆشراو لەلایەن مێردەکەیەوە کەبووە هۆی مردنی. پیاوەکە سەر بەحزبێکی دەسەڵاتدار بوو کەچی درۆکرا گوایە پیاوەکە سەر بەحزبێکی ئیسلامییە، تاوانێکی تریش کەخرایە ژێر خۆڵەوە تاوانی دەسەڵاتدارێکی گەورە بوو ئەویش دەست درێژی ناموس لەسەر خزمەتکارێکی نەصرانی و پاشان کوشتنی و دوایتر شاردنەوەی لاشەکەی. پێویستە هەموو کوشتنە سیاسی و ناسیاسییەکانی ئافرەتان لەلایەن عەلمانییەکانەوە بخرێنە ژێر خۆڵەوە و بەزۆر ئەو

کوشتنانە بەسەر ئیسلامییەکاندا بسەپێنرێن چونکە هونەرو ستراتیجییەتی عەلمانی ئەمە دەخوازێت(لەبارەی ئەمەوە بڕوانە ڕێگای یەکبوون ژمارە ٦٢ ل٦).

تیرۆر لە کوردستان بەژمارە

دەوڵەت نەیارانی تیرۆر دەکات چونکە مەترسییان لەسەر بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت هەیە، حزبە حاکمەکانیش بەهەمان شێوە. دەسەڵاتداران زۆر کەم بایەخ بەبیروباوەڕ دەدەن، تائێستاش نەمانبیستووە لەم دواییانەدا عەلمانییەکان لەکوردستاندا بەکوشتنی کەسێك تاوانبار کرابن کەزیانی بۆ (کوردایەتی) هەبێت. کوشتنەکان هۆکاری حزبییان بەدواوەیە.بەڵام ئەگەر واز لەهۆکارەکانی کوشتن بهێنین و بێینە سەر ژمارە و ئامار دەبینین کە ئەوەندەی دەسەڵاتداران کوشتنیان بەسەردا سەپاوە ئەوەندە بەسەر ئیسلامییەکاندا نەسەپاوە.

ئێمە دەیان نموونەی جۆراو جۆر دەزانین بەڵام نەوەکو نەیارانی ئیسلامییەکان بەوە تۆمەتبارمان بکەن کەنموونەکان بەئارەزوو هەڵدەبژێرین ئێمە شایەتێکی بێ لایەن نێوان ئیسلامییەکان ودەسەڵاتداران دەهێنینەوە.. شایەتەکەمان کتێبی (هاوڕێنامە)یە کەنووسەرەکەی ئەندامێکی کۆنی (پاسۆك)ە. ئەگەر لەپاش ڕاپەڕینەوە سەرژمێریی کوشتن وهەوڵی کوشتن و تەقاندن بکەین بۆمان دەردەکەوێت دوو حزبی دەسەڵاتدار (٩) کاریان ئەنجام داوە بەرامبەر (٢) کاری ئیسلامی ئەوەیش ئەگەر ئەو هەوڵانە حساب نەکەین کەلەمیانەی جەنگی ناوخۆوە درابوون و کەژمارەکان زیاتر دەکات. لێرەدا خاتری دوو حزبی دەسەڵاتدارمان گرتووە چونکە ئەگەر لەپێش ڕاپەڕینەوە دەستمان پێ بکردایە دەفتەری حسابیان قورستر دەبوو.لەلایەکی تریشەوە ژمارەی ئەو کارانەی‌کەکتێبەکە نەیخستبوونە پاڵ هیچ لایەنێك نزیکی (٢٠) ڕووداوە و کە ئەوەندەی دەزانین بەشی هەرە زۆری ئەگەر هەموویان نەبن لەسەر دەستی عەلمانییەکان کراون [٢٧]. لێرەشدا دیسان خاترانەمان لەیاد نەکردووە.هەر لەو ڕوودانە کوشتنی پێنج کارمەندی (UN) ورێکخراوی بێگانەوکە کەس تۆمەتەکەی نەخستۆتە سەر ئیسلامییەکان.

بۆچی حزبی دەسەڵاتدار پەنا بەر تیرۆر دەبات؟ ئەی نەمان وتبوو ڕژێم تیرۆر ناکات؟ هاوسەنگییەکەی نێوان دوو حزبەکە لەلایەك وفشارەکانی ڕێکخراوە نێو دەوڵەتییەکان لەلایەکی ترەوە ڕێگە بەهیچیان نادەن پەنا بەرێتە بەر وەسیلە تەقلیدییەکانی حکومەتەکان وەکو: گرتنی بەکۆمەڵ، لەسێدارەدان...

لەو باسەی سەرەوەشماندا دوو ئەنجامدمان دێتە دەست:

١- عەلمانییەکان زیاتر پەنا بەر تیرۆر دەبەن وئەگەر بۆیان نەکرێت کەس بگرن و زیندانی بکەن ژمارەی تیرۆرکراوان زۆر زیاتر دەبێت.

٢- بەهۆی فشارەکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەستی دەسەڵاتداران دەبەستریتەوەو دەسەڵاتداران پەنا دەبەنە بەر تیرۆر.

حزبە کوردییەکان و ناڕەواییەك

ڕاگەیاندنی هەندێك لە حزبە کوردییەکان ناڕەواییەکی گەورە دژی موسڵمانان وئیسلامییەکان دەکەن: سەربەخۆیی خوازانی فلیپین وچیچان وکەشمیر بەتوندڕەو وتیرۆریست ناو دەبەن و ناوی (سەربەخۆیی خوان) بەگاورەکانی ئەندەنووسیاو باشووری سودان دەدەن.

ئیسلامییەك لەگەڵ خودی خۆیدا ناڕێك نابێت ئەگەر ئەوانەی ئەندەنووسیا و سودان بەیاخی بوو بزانێت چونکە پێوانەی کەسێکی ئیسلامی پابەندبوونە بە ئیسلام بەڵام پێوانەی حزبە کوردییەکان مافی سەربەخۆ بوونە بۆیە دەبوایە بۆ ئەوانەی چیچان وکەشمیر وفلیپین وشەی سەربەخۆیی خوازیان بەکار بهێنایە بەڵام کەوشەی توندڕەو بەکار دەهێنن تووشی ناڕێکی دەبن، ئەم کاتەش بۆ ڕزگار بوون لەو ناڕێکییە پێویستە بڵێن پێوانەی ئێمە ((دوژمنایەتی ئیسلام وئیسلامییەکانە)).

سەیریش لەوەدایە کەئەوانەی چیچانییەکان بەتوندڕەو ناودەبەن لەهەزاردا یەکی چیچانییەکان شەڕیان بۆ ناکرێت و وەکو ئەوان ئەوەندە سوور نین لەسەر سەربەخۆیی بەڵکو تەنانەت ناوی سەربەخۆییشیان لەیاد چووە. ئەمەش بەمەرجێك کەچیچانی خاوەن ملیۆن ونیو هاووڵاتی نەفەری دژی ڕووسیای (١٥٠) ملیۆنی شەڕ دەکات لەکاتێکدا چوار یان پێنج ملیۆن کورد گیرۆدەی حکومەتی عیراقن کەبیست ملیۆن مرۆڤی لەژێر دەستدا نییە.

ڕووسیا خاوەن جۆرەها چەکی پێشکەوتوو و عیراق وێرانە. کورد کۆمەکی دوو دەوڵەتی جیهانیی هەیە وچیچانییەکان نەك تەنها ڕووسیا بەڵکو هەموو ڕۆژئاوا دژ بەسەربەخۆ بوونیانە.

www.kurdistannet.org

چیچانییەکان گەیشتنە لوتکەی خەبات ولێهاتوویی جەنگی لە کاتێکدا ئەوانەی بەتوندڕەو ناویان دەبەن یان بەتانکی ئەم و ئەو سەرکەوتن بەدەست دەهێنن یان کەدەبیستن تانکی دوژمن هاتووە هەڵدێن. پاش ئەمەش شەرم نییە چیچانییەکان بەتوندڕەو ناوبرێن؟ بریا ئەوەندەی چیچانییەکان توندڕەو بوونایە.

نەیارانی ئیسلامییەکان تەقاندنەوەیەکی (حەماس) و (جیهاد) بەتیرۆر دەزانن لەکاتێکدا دەزانن جوولەکە زەویی فەڵەستینییەکانیان داگیرکردووە و کەئەمە هاوشێوەی تەعریبەکەی حزبی بەعسە.ئەگەر (جیهاد) و (حەماس)یش تەقینەوەیان ئەنجام دابێت ئەوا کورد بەچەکدارەوە هەڵیکوتاوەتە سەر گوندە عەرەب نشینەکانی کوردستان. بۆ نموونە ساڵی ١٩٨٥ چەکدارانی حزبێکی کوردی هێرشیان کردبووە سەر چەند گوندێکی عەرەب نشین لەناوچەی هەولێرداو وەك (هاوڕێنامە) دەڵێت: ژمارەیەکی زۆر لەپیاو وژن ومنداڵی عەرەب کوژران. ساڵی (١٩٨٨)یش هێرشێکیان کردە سەر گوندێکی وەها لەهەمان ناوچەداو ((دەیان ژن ومنداڵ و پیاوی گوندەکەیان کوشت)) [٢٩].ئایا ئەم کارە ڕەوابوو؟ ئەگەر ڕەوابوو ئەی بۆچی ئەوانەی (حەماس) و (جیهاد) ڕەوانین؟ ئەگەر ڕەوا نەبوو بۆچی ناڵێن کاتی خۆی کاری ئیرهابیمان کردووە؟عەلمانیەتی کورد لەناو قەیرانێکی بەهاو بیرکردنەوەو دادپەروەریدا دەگەوزێ وهەست بەخۆی ناکات... هەمووش دەگەڕێتەوە بۆ دوژمنایەتی کردنی ئیسلامییەکان.

ڕەوتی بنە بڕکردن

لەناو زۆربەی کۆمەڵگە موسڵمانەکاندا ڕەوتێك هەیە داوای بنەبڕکردنی ئیسلامییەکان دەکات. بەشێکی ئەو ڕەوتەش داوا دەکات ئەم بنەبڕکردنە هەموو جۆرە ئیسلامییەك بگرێتەوە هەتا ئەگەر سەلماندبێتی توندوتیژی بەکار ناهێنێت. بەشێکی ئەو بەشەش دەیەوێت هەرچی شوێنەوارێکی ئیسلامە لەناوی بەرێت.

یەکێك لەبەر جەستە بوونەکانی ئەو ڕەوتە لەجەزائیردا هەیە. ئەو ڕەوتە بەرپرسە لەبەشێکی زۆری ئەو تاوانانەی دژی هاووڵاتیان دەکرێت ولێرەدا جێگەی خۆیەتی نەختێك لەسەر ئەو وڵاتە بدوێین. دپلۆماسییەکی کۆنی جەزائیری (لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ رادیۆی لەندەندا ڕۆژی١٠/١٠/١٩٩٧) دەیوت کەوا تاقمە چەکدارەکان سیانن: سوپا، ئیسلامییەکان، میلشیاکانی سەربەحکومەت، بەرپرسەکە دەڵێت ئەمانەی دواییان لەهەموویان پرمەترسیترن.

زۆربەی هەرە زۆری زانیارییەکانی جەزائیریش لەرێگەی راگەیاندنی رەسمیی وڵاتەوە دەچنە جیهانی دەرەوە. راپۆرتی رێکخراوی عەفوی نێودەوڵەتی لە تشرینی دووەمی١٩٩٦ دەڵێت کە کوت و بەندەکان لەسەر هۆکانی راگەیاندن کە لە دەرەوەی جەزائیروە هاتوون زیادیان کردووە، هەندێك ڕۆژنامەنووسی بیانی لەجەزائیر دوور خرانەوە و هەندێکیشیان رێگەیان پێ نەدرا بێنە ناو وڵات وئەوانەی رێگەیان پێ دراوە بەردەوام لەژێر حەراسەتی ئاسایشدان بۆیە وەك رێکخراوەکە دەڵێت هەواڵی زۆرکەم ڕەوانەی جیهانی دەرەوە دەکرێت [٣٠].

لەبەر ئەوە گومانی زۆر لەم بارەیەوە سەریان هەڵداوە. (جۆن سوینی) هەواڵنێری رۆژنامەی (ئۆبزێرڤەر)ی بەریتانی باسی گومانی جیهان لەبارەی زیاد بوونی کاری کوشتار دەکات و دەڵێت هەواڵنێران (رۆبەرت فیسك) لەرۆژنامەی (ئیندیپێندێنت) وئەنتۆنی لۆید لەگۆڤاری (تایمز) وسایرا شاە لە کەناڵیچواری سەربەخۆی تەلەفزیۆنی بەریتانی چوونە جەزائیر وبەڵگەی خۆیان دەست کەوت لەسەر بەشداری حکومەتی جەزائیری لەکوشتارەکاندا وهەواڵەکانی ئۆبزێرڤەریان دووپات کردەوە. بەوتەی (سوینی) تەنها رۆژنامە نووسە جەزائیرییەکان رێگەیان پێ دەدرێت نزیك بکەونەوە لەشوێنی قەسابخانەکان ئەمانەیش پەیوەندی پتەویان هەیە لەگەڵ پۆلیسی نهێنی جەزائیریدا [٣١].

ئەو شتانەی گومان دروست دەکەن ئەوەیە کەزۆر لەکوشتارەکان نزیك سەربازگەکان بەرپا دەکران، هەروەها لەو ناوچانە دەکران کەدەنگیان بۆ ئیسلامییەکان دابوو وەك بڵێی مەبەست تۆڵەسەندن بوو لێیان.

جێ پەنجەی دەرەوە لەرووداوەکانی جەزائیر دوور نییە، بۆ نموونە کۆتایی ١٩٩٦ جەزائیرییەکان بەگشتی ئەو باوەڕەیان هەبوو کە بێگانە سوودمەندی یەکەم ودوایەمینە لەرووداوەکان، بەتایبەتیش فەرەنسا وهەندێك وڵاتی ئەورووپی ئەوەش لەمیانەی ململانەکەیان دژی ئەمریکا بۆ دەست گرتن بەسەر جەزائیردا. هەر بۆیە نووسەری ئەم وتانە دەپرسێت: ئایا توندوتیژی لەجەزائیر ئیسلامییانە دەستی پێ کرد و ئێستا بۆتە توندوتیژیی عەلمانی؟ ئەمەش لەروانگەی بەیاننامە سەیرەکەی پەرلەمانی ئەورووپی کەچەپرەوەکان بەسەریدا زاڵە (ئەمەش ساڵی ١٩٩٦ بوو) کەداوای کردبوو جەزائیر واز لەزمانی عەرەبی بهێنێت ودەوڵەتی عەلمانی دروست بکات [٣٢] . دەمێنێتەوە ئەو راستیەی کەزۆربەی ئەو قەسابخانانەی دەدرێنە پاڵ ئیسلامییەکان (الجماعە الاسلامیە

المسلحه GIA) پێیان تاوانبارە و دەنگ و باسی زۆر هەن کە دەزگا ئەمنییەکانی جەزائیر دەستیان وەرداوەتە ناو لاشەی (الجماعه)و هەندێك لایەنی ناو جەزائیر بەرژەوەندییان لەکارەکانی ئەو کۆمەڵەدا دەبیننەوە.

بێگومان زەمەنێکی دەوێت تاهەموو ڕاستییەکان روون ببنەوە. ئەو هەوالانەش کە ئەمڕۆ لە جیهاندا و بەتایبەتی لەکوردستاندا بلاودەکرێنەوە جێگەی هیچ متمانەیەك نین و تاکە مەبەستیان لەکەدار کردنی گشت ئیسلامییەکانە.

ئەمە وەك بەرجەستەبوونێکی رەوتی بنەبڕکردن، ئەم رەوتە لەهەموو ولاتێکدا هەیە. لەهەندێك ولاتدا شان بەشانی رەوتی وتووێژ ومامەڵە دەژی ولەهەندێك ولاتدا رەوتەکە خۆی فەرمانڕەوایە.

رەوتی بنەبڕکردن بەچینی فەرمانڕەوا ناوەستێت بەڵکو تەنانەت لەناو ئەوانەی بە ((رۆشنبیر)) ناسراون بۆ نموونە نووسەرێکی چەپڕەوی وەك دکتۆر سەمیر ئەمین کەجیاوازی نێوان ((توندڕەو)) و ((میانڕەو))ە ئیسلامییەکان ناکات وبەعەقڵیەتی پاکتاوکردن بیردەکاتەوە [٣٣].

ئیرهابییەکان ئیدانەی ئیرهاب دەکەن

ئەنجامی دەستگرتن بەسەر بەشی گەورەی هۆکاری راگەیاندن ئەوەیە خەڵکی گوێ بۆ ئەو کەسە دەگرن کەدەنگی بەرزترە. ئیرهابییە راستەقینەکانیش خەلات ونەفرەتی خۆیان دابەش دەکەن ولیستی ناوی ئیرهابییەکان دادەبەزێنن.ساڵی ١٩٩٦ لوتکەی (شرم الشیخ) کەپێشتر ئاماژەمان بۆ کرد بۆ دژایەتی کردنی ئیرهاب بەسترا.

جگە لە (١٤) ولاتی ستەمکارو سەرکوت کەری عەرەبی (١٤) ولاتی تر بەشداری کرد: ئەمریکا، بەریتانیا، ئەڵمانیا، فەرەنسا، ئیتالیا، ئیسپانیا، ئایرلەندا، بەلجیکا، نەرویج، رووسیا، ئیسرائیل، کەنەدا، تورکیا، ژاپۆن. هەر یەکێکیش لەم ولاتانە جگە لە ئایرلەندا ونەرویج وکەنەدا یان موستەعمەراتیان هەبووە ویان خاکی گەلێکی تریان داگیرکردوەو شێوازە جۆراو جۆرەکانی تۆقاندن ولەناو بردن وئەشکەنجەدانیان پیادە کردبوو و دەیکەن.

هەر یەکێکیش لەمانە جەنگی تەعداکارانەی بەرپا کردبوو، رەنگە لەبەر ئەمەش بوو لوتکەی ئەو ولاتانە ناونرا ((لوتکەی دروستکەرانی ئاشتی))!!

ئەوەی جێگەی سەرنجە لەبەیاننامەی کۆتایی لوتکەکەدا باس لەرێگەگرتنە لەدوژمنانی ئاشتیی (عەرەب – ئیسرائیل) لەوەی ئاشتی لەرۆژهەلاتی ناوەڕاستدا تێك بدەن بەلام ئەوەندەی پێ نەچوو سەرۆك وەزیرانی ئەوسای جوولەکە (بنیامین نتنیاهۆ) بووە هۆی ئیفلیج بوونی پرۆسەی ئاشتییەکە بەلام هیچ ئیجرائێکی لەگەڵدا نەکراو بەتێکدەری ئاشتی ناونەبرا.

سەبارەت بەئەمریکاش کە چەکی تۆقاندنی هەمیشە لەکاردایە لیستێکی بلاوکردبووەوە بەناوی ژمارەیەك رێکخراو و بەئیرهابی ناویان دەبات. جێگەی تێبینیە (لیستەکەش هەمووی جێگەی تێبینیە) کە (پەکەکە) بەئیرهابی زانراوەو کۆمەڵە چەکدارەکانی باشووری سودان ناویان نەهاتووە هەر چەندە هەردوو لایەنەکە بۆ یەك مەبەست کاردەکەن و زەبرو زەنگی تورکیا هەزار قاتی ئەوەی سودانە.پەیوەندیی باشی تورکیاو دوژمنایەتی ئەمریکا بۆ سودان دوو شتی ئاشکران ومەبەستی لیستەکە ئاشکرا دەکەن.

تێبینیەکی تری لیستەکە هاتنی ناوی (موجاهیدین خەلق)ی نەیاری ئێران لەناو لیستەکەدا هەرچەندە دەزانین ئێران وئەمریکا دژ بە یەکترن ودەبوایە ستایشی (موجاهیدین خەلق) بکرایە نەك بە ئیرهاب لەقەڵەم بدرایە.

لەراستیشدا پێویست دەکات بۆ ئەوەی لیستەکە ((بێ لایەن))بێت ناوی رێکخراوی وا بهێنێتەوە، لەوەش گرنگتر ئەوەیە رێکخراوی (موجاهیدین خەلق) سەر بەعیراقە (دوژمن ئەمریکا)و پەیوەندیی پتەوی هەیە لەگەڵ فەرەنسا (مونافسی ئەمریکا). ئەمەش پەیامێکە بۆ هەموو رێکخراوەکان: دەبێت هەموو ئیرهابییەکان لەدەوری ئەمریکادا کۆبنەوە.

ئیرهابی ئەمریکی لەودیو سنوورەکان

ئەمریکا، ئەو قازییەیە کە دادگای داناوەو حوکمی سێدارەی ئامادەیەو ئامادەبوونی پارێزەری لاقبوول نییە. ئەمریکا راوکەری ئیرهابییەکان، ئەو دەوڵەتەیە کەچەندین شێوەی ئیرهابی دژی گەلان خستۆتە کار.

دەستختنە ناو کاروباری ولاتان تاڕادەی نەخشەکێشان بۆ کودەتای سەربازی وتا راددەی ناردنی سوپای خۆی بۆ ناو ولاتان کارێکە وشەیەکی بۆ بەکاردەهێنرێت کە وەسیلەکانی راگەیاندنی ئەمریکا وێنەیەکی ناشیرینی وەك وشەی ئیرهابیان پێ نەبەخشیوە. ((دەست تێوەردان)) وشەیەکە ئەوەندەی وشەی ((ئیرهاب)) قێزەون نەکراوە. لەسەدەی نۆزدەوە ئەمریکا دەستی

لەکاروباری وڵاتاندا وەرداوە لەناردنی لەشکرەوە تاریکخستنی کودەتای سەربازی، لەشکر بۆ نیکاراگوا، کوبا، گواتیمالا، گرینادا، سان دومینگۆ، بەرازیل، ئیکوادۆر، چیلی، هێزەکانی خۆی رەوانەی فلیپین، ژاپۆن، کۆریا، ڤێتنام لەئاسیادا کردبوو.ئەمریکا جەنگی دژی (لیبیا) لەسەدەی نۆزدەدا بەرپاکردبوو کە یەکەم جەنگی دەرەوەی ئەمریکا بوو پاش سەربەخۆبوونی لەبەریتانیا (٣٤) .

شۆڕش دژی ئەمریکا ئیرهابە هەروەکو ئیرهابی شۆڕشەکانی دژی داگیرکەری بەریتانی وفەرەنسی و ئیتالی وبەلجیکی وهۆڵەندی...تاد. ئەمڕۆ رەفزکردنی هەیمەنەت وسەروەریی ئەمریکا ئیرهابە.مێشك شۆراوی زۆریش لەم وڵاتانەدا ئەم تۆمەتی ئیرهابە دووبارە دەکەنەوە.

یاسایەکی جاهیلی

یاسایەکی خوداییە کەفەرمانمان پێدەکات ((وان عاقبتم فعاقبوا بمثل ما عوقبتم به)) بەڵام یاسای جاهیلی قەناعەت بەتۆڵەی هاو ئەندازە ناکات. حزبی بەعس زووتر وتبووی (ئەوەی بەرد بگرێتە ماڵمان ئێمە دەکێشین بەسەر سەقفی ماڵەکەیدا) بەعس ئەمەی راگەیاندبوو وبەئەمانەتەوە چەسپاندبووی.

ساڵی ١٩٤٥ لەجەزائیردا (٨٨) کەس لەو داگیرکەرە فەرەنساییانەی زەویی جەزائیرییەکانیان زەوت کردبوو کوژران و (١٥٠)ی تر زامدار بوون. تۆڵەی فەرەنسییەکان زۆر دڕندانە بوو. (٤٥) هەزار جەزائیرییان کوشت، تەعەدای نامووسیان کرد، سکی ئافرەتە دوو گیانەکانیان هەڵدڕی (٣٥) . لەفەلەستیندا سەرۆکی ئیسرائیلی (عزرا وایزمان) لەبارەی خۆونکردنی ئەندامانی (حەماس) لەناو هاووڵاتییە فەلەستینییەکان پاش هەر چالاکییەك دەڵێت: کاتێك ناتوانی دەرزییەك لەناو مەلۆیەك گیادا بدۆزیتەوە پێویستە هەموو مەلۆکە بسووتێنی (٣٦) ئەم یاسا جاهیلییە کەمەبەستی یەکەمی تۆقاندنی نەیارە ناوی تۆقاندن وئیرهابی لێ نانرێت چونکە بەهێزەکان دەیکەن.

بەرگری لەئیرهابییەکان

لەبەر ئەوەی دەزگایەکی بێ لایەن نییە وەسفی ئیرهابی بچەسپێنێت بەسەر ئەوانە شایستەی وەسفەکەن" ناونانی ((ئیرهابی)) و ((میانڕەو)) و ((یاخی بوو)) و ((سەربەخۆی خواز)) لایەنگیریی پێوە دیارە.

لەلیستە ئەمریکییەکەی رێکخراوە ئیرهابییەکاندا ناوی رێکخراوی (یونیتا) کەدژ بەحکومەتی چەپڕەوی ئەنگۆلا دەجەنگێت ولەشکرەکەی (جۆن گارانگ)ی نەیاری حکومەتی ئیسلامیی سودان نەهێنراوە.

ئەوساش ئەمریکا پێشوازیی لە (مناحیم بیگن)ی کۆنە ئیرهابی وتازە سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیلی دەکرد. (بیگن) کەسەرکردەی رێکخراوی ئیرگۆن (ئیتسل) بوو کەلە (دێر یاسین) (١٩٤٨) و بەهاوکاری کۆمەڵەی (شتێرن) قەسابخانەیەکی بەرپا کردو تیایدا (٣٠٠) منداڵ وئافرەت کوژران و لاشەکانیان شێوێنران وفڕێدرانە بیرێك. بیگن شانازیی بەوە دەکرد کە قەسابخانەکانی ئیرگون بوونە هۆی ئەوەی (٦٣٥) هەزار هاووڵاتی فەلەستینی وەکو شێت هەڵبێن (٣٧) .

هەموو تاوانەکانی جوولەکە بەبێ دەنگی یان ئەو پەڕەکەی بەرەخنەیەکی شەرمنانە وەڵام دەدرێنەوە. هێشتا ئەو رەخنە شەرمنانەش زۆر دەگمەنن. ئایا کوشتنی چوار کوردی ئەڵمانیا لەبەردەم کونسڵخانەی جوولەکە لە بەرلیندا پاش گرتنی ئۆجەلان لەیادی کەسدا ماوە؟ توێژینەوەکانی پۆلیسی ئەڵمانیا دەریخسبوو خۆپیشاندەرە کوردەکان دانیشتبوون و بەبێ هیچ هۆ تەقەیان لێ کراو پەلاماری کونسڵخانەکەیان نەدابوو.

ئیرهابی جوولەکە دیفاعی لێ کرا.کوژرانی ژمارەیەك جوولەکە وەك وتمان شایستەی بەستنی کۆنگرەی (شرم الشیخ)بوو لەکاتێکدا فەلەستینییەکان هیچ نرخێکیان بۆ دانانرێت. ناشزانین کاردانەوەی ئەمریکا چی بووە بۆ ئەو بڕیارەی دادگایەکی ئیسرائیل کەدوو سەربازی ئیسرائیلی جەزا لەبەر ئەوەی فەلەستینییەکیان کوشتبوو. جەزاکە (٢٥) سەنت (کەمتر لەپێنج دیناری ئەمڕۆمان) و یەك سەعات سجن کردن بوو. ئەو پیاوە ئاینییە جوولەکەیەی ئەمەی باس کردووە دەڵێت ئەو حوکمە گەڕێنرایەوە بۆ دادگاکە تا پیایدا بچێتەوە (٣٨).!! چوار کوردە کوژراوەکە (٢٥) سەنتەکەش نەکرایە جەزا بەسەر بکوژەکانیان!